سەماحەتی حەکیم چاوی بە شێخ و پیاوە دیارەکانی بەسرە لە سەفوان دەکەوێت و دووپاتی کردەوە کە گرنگە بایەخ بە پارێزگاکە و پتەوکردنی یەکگرتنی بدرێت

لەمیانەی گەشتەکەی بۆ پارێزگای بەسرە، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی بوو بە مێوانی میوانخانەی شێخ محەمەد کازم ئەلزرنیخ ئەلجەرانی لە قەزای سەفوان ، لەم دیدارە سەماحەتی چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوی دیارەکانی پارێزگاکە و ئەویش بە ئامادەبوونی پارێزگای بەسەرە بەڕێز ئەسعەد عیدانی .

لەم چاوپێکەوتنەدا، سەماحەتی حەکیم پیرۆزبایی لە ئامادەبوان کرد بەبۆنەی رۆژبوونی ئیمامە پاکەکان (سڵاویان لێ بێت) ئاماژەی بە بیرۆکەی ئەلموخلیس کرد کە ئیمام مەهدی (خودا کاری ئاسان بکات) بەرجەستەی کردوە ئەوەش بیرۆکەیەکی مرۆییە زۆربەی عەقیدە و بڕوایەکان تێیدا بەیەك دەگەن، هەروەها باسی ڕاپەرینەکەی شەعبانی کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەو داستانە کۆڵەکە و بنەمای ڕژێمی دیکتاتۆری هەژاند، لەرێ چەندین قوربانی درا و ڕۆڵەکانی عێراق و لاوەکان زۆریان لەسێدارە دران و چەندینیان بەشێوەیەکی دڕندانە کوژران و ڕەوانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کران.

سەماحەتی حەکیم باسی ڕۆڵی شەهید میحراب ئایەتوڵلا سەید محەمەد باقر ئەلحەکیم (نهێنی پارێزراو بێت) کرد کە هەمیشە گەشبین بوو وەرای ئەو سەرکوتکردنەی ڕووبەڕووی ڕاپەڕینەکە هاتەوە، گوتیشی ئەوە سنووری ترسی عێراقییەکانی شکاند و ئەو سروشتەی ئێستای دروست کرد، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەدۆکۆمێنت کردنی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەکە و شەهیدانی و هەماکانی و ناساندنی بە نەوەکانی داهاتوو.

سەبارەت بە واقیعی بەسرە سەماحەتی ئاماژەی بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی شارستانی کرد کە پارێزگاکە بەخۆیەوە بینیوە، جەختیشی لەوە کردەوە کە بەسرە شایەنی گرنگی و خزمەتی زیاترە و داوای پاڵپشتی کردنی جووتیاران و پاراستنی بەرهەمی نیشتمانی و پێدانی مافی سوود وەرگرتن لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناو ناوچەکانی گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت بە هاوڵاتیان کرد و جەختی لەسەر گرنگی بەکارهێنانی کەرستە مۆدێرنەکانی دەرهێنانی نەوت کردەوە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی سەرچاوەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکان لەسەر ژیانی دانیشتووان.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی کرد کە عێراق بەهەنگاوی گەورە بەرەو پێش هەنگاو دەنێت، داواشی کرد یەکگربن و بە دانایی مامەڵە لەگەڵ ڕکابەرییەکانی ئێستا بکەن و بە باشی گوتاری میدیایی هەڵسەنگێنن بۆ زامنی سەقامگیری وڵات.

سەبارەت بە دۆخی هەرێمی، سەماحەتی حەکیم باسی ڕووداوەکانی سووریا و ناوچەکەی کرد و گوتی پێویستی بە

یەك هەلوێستی نیشتمانی و مامەڵەیەکی دانایانە هەیە، ئاماژەشی کرد کە ڕکابەرییەکان زۆر جار چانسی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت گەر سوودی لێوەربگیرێت، هەروەها ستایشی ڕۆڵی مەرجەعیەی ئاینی باڵای کرد و گوتیشی حکومەتی عێراقی و هێزە سیاسییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە سەقامگیری عێراق و پێگەی بپارێزن.

لەکۆتایی سەردانەکەی ، سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە پێویستە بەیەك ڕۆح کار بکرێت بۆ ئەوەی سەقامگیری و پێشکەوتن بەرەو پێش بچێت، دووپاتیشی کردەوە کە پابەندن بە پالپشتی کردنی کەیسەکانی بەسرە و کەس و کاری و کارکردن بۆ گەیاندنی دەنگیان بە لایەنی بەرپرس.